## پلان دانان: پێناسەو گرنگی

### پێناسەی پلان دانان

چەندین پێناسە بۆ پلان دانان لەلایەن زانایان دانراوە:-

١- **عەلی سەلەمی** پێناسەی دەکات بە:- دیارکردنی کارەکان یان چالاکییەکان و پێشبینی کردنی داهاتەکان و دەست نیشانکردنی باشترین ڕێگا بۆ بەکارهێنانی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکان.

٢- **سەید هەواری** پێناسەی دەکات بە: قۆناغی بیرکردنەوەیە پێش جێبەجێکردنی هەر کارێك کە بەوەرگرتنی بڕیاری تایبەت بەکارەکە کۆتایی دێت و چۆنیەتی وەکاتی جێبەجێکردنی.

٣- **حەسەن تۆفیق** پێناسەی دەکات بە:- دیاریکردنی ئەو ئامانجانەی کە پرۆژەکە هەوڵی بۆ دەدات و دانانی پلان و بەرنامەی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە بەرەچاوکردنی توانا و بەربەستەکان کە دێنە ڕێگای پرۆژەکە بەپێی بارودۆخەکە.

٤- **فایۆل** پێناسەی دەکات بە : پلان دانان بریتییە لە پێشبینی داهاتوو دەکات لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم داهاتووە.

٥- **جۆرج تێری** پێناسەی دەکات بە:- دەست نیشانکردنە بەپێی راستیەکان، دانان و بەکارهێنانی ئەگەرەکانی داهاتوو و دانانی چالاکییە پێشبینییەکان کە پێویستن بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکان.

زۆربەی زاناکانی کارگێڕی کۆکن لەسەر ئەوەی کە پلان دانان بریتیە لە پرۆژەیەك کە پەیوەستە بەداهاتوو، پێشبینی دەکرێت، پێویستە پلان دانان نەرم و کاریگەر بێت، نەرمی بۆ خۆئامادەکردن بۆ گۆڕانکارییەکان، کاریگەر بۆ زامن کردنی بەدی هێنانی ئامانجەکان.

بە بۆچوونی **د.عبدالحمید شەرف** پلان دانان بریتیە لە: پرۆژەیەکە بە پلان جێبەجێ دەکرێ کە بریتیە لە پێشبینی کردن بۆ داهاتوو و بەرەنگاربوونەوەی بەوەرگرتنی چەندین بڕیار کە پەیوەستە بە ئامانجەکان کە پێویستە بێتەدی لەڕێگای سیاسەت و هەنگاوەکان و بودجەو بەرنامەی نرم و کاریگەر.

## گرنگی پلان دانان

بەپێی بوونی پلان دانان، بڕیارە کارگێڕییەکان هەرەمەکی دەبن، بۆیە چوار هۆکاری سەرەکی هەیە کە گرنگی پلان دانان روون دەکاتەوە:-

**یەکەم:- بەرەنگاربوونەوەی حاڵەتی دڵنیانەبوون و گۆڕانکاری:-** پلان دانان کارێکی پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی حاڵەتی دڵنیانەبوون و گۆڕانکارییەکان کە لەداهاتوو دێنە پێش، بەرپرس

ناتوانێت ئامانجەكانی دابنێت، بەڵكو پێویستە سروشتی بارودۆخی داهاتوو بزانێت لەگەڵ گۆڕانكارییە پێشبینكراوەكان و ئەنجامەكان و پەیوەندی بە ئامانجەكان.

**دووەم:- جەخت كردن لەسەر ئامانجەكان:** ئەركی یەكەمی پلان دانان جێبەجێكردنی ئامانجەكانە، هەروەها جەخت كردن لەسەر ئامادەكردنی پلانە لاوەكییەكان و بەستنەوەی بەیەكتر، كەمكردنەوەی ڕێژەی ئازادی لە پلانەكان وەك دەرگایەك بۆ پابەندبوون بەپلان و بەدی هێنانی ئامانجەكان، ئەوەش وا لە بەرپرسەكان دەكات كە ئاگاداری بارودۆخی داهاتووبن، هەروەها پێداچوونەوەی پلانەكان بەشێوەیەكی ڕێك و ڕاست كردنەوەی پلانەكان كە لەگەڵ بارودۆخەكان بگونجێن و ئامانجەكان بێتەدی.

**سێیەم: سوود وەرگرتن لە ئابوورییەكان كارپێكردن:-** پلان دانان یارمەتی دەدات لەسەر دیاركردنی باشترین شێوازو پرۆژەكان بۆ بەدی هێنانی ئامانجەكان، بەمەش تێچوونەكان كەم دەبێتەوە و دەكرێ ئاگاداری ئابوورییەكانی پلان دانان بێت لەبواری جێبەجێكردندا.

**چوارەم: ئاسانكاری پرۆژەی چاودێری:-** گرنگی پلان دانان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەم بوارەدا كە بەڕێوەبەر ناتوانێت ئاگاداری كارەكانی كارمەندەكانی بێت بە بێ ئەوەی كە پلانی ئامانجەكانی هەبێت، بەمەش دەتوانێت ئاگاداری ڕێژەی جێبەجێكردن بێت بەبەراورد كردن لەگەڵ ئامانجەكان.

## پێكهاتەكانی پلان دانان

كارگێڕی لە چەندین توخم و پێكهاتە پێك دێت لە گرنگترینیان پلان دانانە كە ئەویش لەم پێكهاتانە پێك دێت:

١- ئامانجەكان　　٢- سیاسەت　　٣- هەنگاوەكان

٤- پێشبینی و بودجەكان　　٥- بەرنامەكانی كات و كاری جێبەجێكردن.

پێویستە لەسەر ئەو كەسەی كە لە پەروەردەی وەرزشی كاردەكات ئاگاداری ئەم پێنج پێكهاتەیە بێت:-

**١- دانانی ئامانجەكان:**

پرۆژەی دانانی ئامانجەكان گرنگی تایبەتی هەیە بۆ دیاركردنی ئەنجامەكانی پێویست، ئەوەش وەك روناكییەك وایە كە پلاندانەران و جێبەجێكاران بەدوای دەڕۆن.

**٢- سیاسەت:**

بریتیە لە کۆمەڵێك بیروبۆچوون کە دەبێتە هۆکاری تێگەیشتنی گشتی لە ئاراستەکردنی بری کارمەندان لەرێگای وەرگرتنی بڕیار، بەمانایەکی دیکە بریتییە لە کۆمەڵێك لەرێسا و ڕێنمایی کە هەڵس و کەوتی کارمەندان ئاراستە دەکات لە بوارەکانی پەروەردەی وەرزشی کە پلانی بۆ دانراوە لەرێگای بەرێوەبەرەکان لە ئاستێکی بەرزەوە بۆ ئاستێکی نزم، لەوانە ڕێنماییەکان ڕاشکاوە بێت یان نهێنی بێت.

**٣- هەنگاوەکان:**

بریتییە لە پەیکەرێك کە هەنگاوەکانی تێدایە بەدوورو درێژی و پێویستە کارمەندانی دەزگاکانی وەرزشی لەسەر هەموو ئاستەکان لەسەری بڕۆن کەتیایدا کارەکان لە چوارچێوەی ئامانجەکان دەبێت بۆ نمونە پێویستە چ بکرێت لەکاتی کرینی ئامێرەکان؟ ئەو هەنگاوانە چین لەکاتی دروستکردنی یاریگای یانە؟

**٤- بودجەکان:**

پلان دانانی هەر پرۆژەیەکی وەرزشی پێویستە تێچووەکانی دیاربکرێت، برگەکانی سەرف کردنی و سەرچاوەکانی داهات بۆ زامن کردنی کارکردن و بەردەوام بوونی بەپێی پلانی دانراو، هەروەها دیارکردنی تواناکان — چەند و جۆر- کە پێویستن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

**٥- کات و بەرنامەکانی جێبەجێکردن:**

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانە، ڕێگاو شێوازو کات و توانا و جۆرەکانی هەڵسەنگادن کە پێویستە لەبەرنامەی پەروەردەی وەرزشی هەبێت.

## جۆرەکانی پلان دانان

چەندین بیروبۆچوون هەیە دەربارەی جۆرەکانی پلان دانان ئەوەش بەهۆی ئەو بنەمانەی کە دابەشکردنەکەی لەسەر دانراوە، لەوانەیە پلان دانان دابەش بکرێت بۆ چەند جۆرێك بەپێی ئامانج و سەنتەری بڕیار و کات و شێوازەکانی پلان دانان کە پەروردەی وەرزشی بایەخی پێدەدات دواتر روون دەبێت بۆ ئەوانەی بەکاری دەهێنن.

بەپێی قۆناغی کات دەتوانین بەم شێوەیە دابەش بکەین:

١- پلانی درێژخایەن.

٢- پلانی ناوەڕاست.

٣- پلانی کورت خایەن.

ئەم جۆرانەی پلان دانان شی دەکەینەوە:-

**١- پلانی درێژخایەن:**

ماوەکەی ١٠ تا ١٥ ساڵە، ئەم جۆرە پلانە بۆ دروستکردنی پاڵەوان لەماوەیەکی درێژخایەن پەیڕەو دەکرێت لە هەندێك چالاکی وەرزشی، ئەم پلانە یاریزان وەردەگرێت لەسەرەتاوە تا دەگاتە قۆناغی پاڵەوانێتیەکان، وەك لە یاری جومناستێك ڕوودەدات چونکە یاریزانی جومناستیك پێویستی بۆ ٩ ساڵە لەمەشق کردن تا دەگاتە ئەو قۆناغەی کە دەتوانێ بەناوی وڵاتەکەی بەشداری بکات، لەلایەکی دیکەوە پێویستە بایەخ بە پڕۆگرامەکانی پەروەردەی وەرزشی بدرێت لە قۆناغی سەرەکی تا قۆناغی ئامادەیی بۆ ئەوەی پلانەکە ستراتیژی درێژخایەنی هەبێت.

**٢- پلانی ناوەڕاست:**

ماوەکەی لە ٤ تا ٥ ساڵە، لەپلانی درێژخایەنەوە دێتەکایەوە، ئەم جۆرە پلان دانانە بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئۆلۆمپیادو جامەکانی جیهانی پەیرەو دەکرێت، ئەم جۆرە پلان دانانە لە دوای خولەکانی ئۆلۆمپی دەست پێدەکات بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئۆلۆمپیادی داهاتوو، ئەم جۆرە پلانەش دابەش دەکرێت بۆ چەند پلانێکی کورت خایەن لە کۆتاییدا ئامانجی پلانی ناوەڕاست دێتەدی.

**٣- پلانی کورت خایەن:**

ماوەکەی نزیکەی ساڵێکە، ئەم جۆرە پلانەش زۆربەکاردێت لە پەروردەی وەرزشی، ئەرکی ئەم پلانە خۆئامادەکردنە بۆ خولەکانی ناوەخۆ لەسەر ئاستی بەرز وەك خولەکانی سەرئاستی هەرێم و خولەکانی سەر ئاستی وڵات، لەقوتابخانەکان پلانی کورت خایەن بۆ ماوەی یەك ساڵی خوێندن دەبێت، بەڵام یانەکان و یەکێتیە وەرزشییەکان پشت بە پلانی کورت خایەن دەبەستن.

## قۆناغەکانی دانانی پلان:

قۆناغەکانی دانانی پلان بەم شێوەیە دەبێت:-

١- دیاری کردنی ئامانج کە پێویستە ڕوون و ئاشکرابێت و بتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

٢- کۆکردنەوەی زانیاری و ئامارەکانی تایبەت بە پلانەکە کە پێویستە کاریگەر و تازە بێت و گوزارشت لە حاڵی حازر بکات بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێت لە جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی پلانەکە.

٣- پۆلین کردن و شی کردنەوەی زانیارییەکان بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجام.

٤- دەست نیشانکردنی پلانی یەدەگ، پێویستە پلانی دووەم هەبێت شان بەشانی پلانی یەکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەگەرە داهاتووەکان، دواتر دیراسەت کردنیان و هەڵبژاردنی باشترین پلان.

٥- جەسپاندنی کاتەکان بۆ جێبەجێ کردنی قۆناغەکانی کار بەپێی گرنگیان لەسەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان بەپشت بەستن بە شی کردنەوەی زانستی بۆ هەر قۆناغێك بۆ گەیشتن بە ئامانجی دانراو.

٦- چاودێری کردنی قۆناغەکانی جێبەجێکردن بەمەبەستی دەستنیشانکردنی هەر گۆڕانکارییەك لە پلانەکە دێتە ئاراوەو دۆزینەوەی هۆکارەکانی لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کاتی و پێویست بۆ گۆڕانکارییەکە.

٧- دەست نیشانکردنی دەست پێشخەرییە باشەکان لەکارکردن بەمەبەستی هاندان و بڵاوکردنەوەی لەنێو کارمەندان.

## پلان دانان لەبواری وەرزشیدا

پلان دانان لەبواری وەرزشیدا بەتایبەتی لەئاستە کارگیرییە بەرزەکان پێویستە پلان دانانی ستراتیژی بێت، بە مانای ئەوەی کە بریتی بێ لە ریزکردنی بیرۆکەکان و دانانی پلانەکان و دیاریکردنی سیاسەتی هەنگاوەکانی جێبەجێکردن کە ئەوانە دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری پۆزەتیڤانە کە سەرجەم پێکهاتەکانی دەزگای وەرزشی دەگرێتەوە بەپێی ئامانجەکانی و لەروانگەی رێنماییەکان و فەلسەفەی دەوڵەت.

لەڕێگای پلان دانانی باشەوە لە بواری پەروەردەی وەرزشی دەکرێت پێشبینی کێشەکان و بەربەستەکان بکرێت کە لە ڕێگای بەدی هێنانی ئامانجەکان دەوەستن، بەمەش دەکرێت کاربکرێت لە خۆلادانی ئەم کێشانە پێش دروستبوونی، هەروەها کارکردن لەسەر سوود وەرگرتنی باش لە تواناکانی مادی و مرۆڤی کە لەبەر دەست دایە لە ڕێکخستن و دابین کردنی کەمبوونەوەی کە دروست دەبێت بۆ خۆئامادەکردنی بۆ داهاتوو کە پلان دانان پێشبینی دەکات.

پێویستە لەسەر پلان دانەران لەبواری وەرزشی ئاگاداری ئەو پلانانە بن کە بە گشتی و بەردەوامی و یەك لەدوای یەك ناسراون و گونجاوە لەگەڵ ویست و ئارەزووی فێربووان، هەروەها دانانی پلانی کاتەکان بۆ جێبەجێ کردن، هەروەها کارکردنی بەردەوام لەسەر ڕاست کردنەوەی بەرنامەکان بۆ زامن کردنی جێبەجێ کردنی ئامانجەکان و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، هەروەها دانانی تاقی کردنەوەو پێوەری پێویست کە لەڕێگای ئەوەوە دەتوانرێت ئاستی وەرزشی بەدیاربکەوێت.